میژوو

زانای گەورە تۆفیق وەهبی

یادی پێنج ساڵەی کۆچی دوایی

تۆفیق وەهبی
لە ساڵی ١٩٥٦

مارف خەزنەدار

پێشەکی

لەرۆژگارێك دا سەردەمی لاوێتیم بەخۆمەوە دی، بیرو رای دەروون و مێشك سرکەری وا لە ناوەوەبوو هەر چەندە ئێستا ئەو کاتەم دێتەوە یاد خۆم بە خۆم پێ دەکەنم . ئێمە وامان دەزانی ئەوەی وەکو ئێمە بیرنەکاتەوە ئادەمیزادێکە تەواو نی‌یە، کەموکووری‌ی هەیە: خۆمان ماندوو نەدەکرد، وورد نەدەبووینەوە، بە قووڵی سەرنجمان نەدەدایە رووداو، نەمان دەویست بیر لەماوەی نێوان ئادەمزادی نیاندرتال (چل و پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا)و پەیدابوونی کارل مارکس بکەینەوە، پرسیارمان لەخۆمان نەدەکرد ئایا لەم ماوەیەدا سڤیلیزاسیۆن هەبوو یا نا!؟ کوردایەتیمان لەگەڵ هەڵسوکەوتی رۆژگارو سەردەم رێك نەدەکەوت، بەڵام وێنەی لە دڵ و دەروونمان دا نەخشی کێشابوو و نەدەچووەوە .

زۆربەی خەڵکەکە لە دژی ئینگلیز بوو، چونکە هەندێك تورکی عوسمانی‌یان خۆش دەویست، ئینگلیزو تورکیش رێك نەبوون، برێکیش ئەڵەمانیان خۆش دەویست چونکە لە دژی ئینگلیز بوو. لەپاش جەنگی دووەمەوە پێوانەو ترازوو گۆڕرا، یا دەبوو ئینگلیزت خۆش بوێ، یاسۆڤیەت (رووس). ئەگەر لاتەریکیش بوویتایە، ئەوا هیچ حسێبێکت بۆ نەدەکرا، هەر کەسێکیش بیویستایە و نەیویستایە بەپێی هەڵویست و خووو رەووشت و بیرو باوەری رۆژانەی، یا بە ئینگلیز پەرست دەژمێررا یا بە سۆڤیەت پەرست، لە دووایی‌دا ئەمەریکا بوو بە هاوبەش یا جێگری ئینگلیز. ئیتر دوو زاراوەی «کۆنەپەرست = رجعی» و «پێشکەوتنخواز = تقدمی» کەوتە ناوەوە. کاری هەرە قورسیش دۆزینەوەی بابایێك بوو کە لە یەکێ لەمانە نەبێ !

لەپاش ئازاد بوونم لەبەندیخانە، لە ناوەراستی تەمووزی ١٩٤٩، کەوتمە هێنانەدی هەموو ئەو ئەنجامە راستی‌یانەی گەیشبوومێ بۆ دیاریکردنی هەلوێستم لە ژیان دا لەرووی کارکردن لەناو پارتی‌و رێکخراوێك یا لە دەرەوەی ئەمانە، تا پلەیێك خۆم ناسی‌یەوە، یا خۆم دۆزی‌یەوە. دەبێ بۆ راستیش ئەوە بڵێم ئەو ماوە کەمەی کە بەتەواوی بریتی‌یە لە دوو مانگ و بیست و یەك رۆژی دەرەوەی بەندیخانەو شەش مانگی ناو بەندیخانە رۆژگارێکی نائاسایی بوو لە ژیانم دا. چەپ رەوی‌یێکی نامەنتیقی‌یانە بوو، نە لەگەڵ بیرو باوەری قووڵ و داهێنان رێك دەکەوت و نە بۆ رەووشت و و ژیانی رۆژانەشم دەستی دەدا . هەر لەو سەردەمە هەرزەیی‌یەدا بۆم دەرکەوت، کە ناتووانم بیرو هۆش و مێشکم بدەم بە هیچ کەسێك.ئیتر ئازایانە ئەگەر گەورەو مەزنێکی وەکو تۆفیق وەهبی بیووتایە :

مارف ! دەمووت : بەڵێ !

چاوو گوێی دەسەڵاتی ئەو سەردەمە، زۆربەاش دەیانزانی یەکێکی وەك من جڵەوی ئەسپی بەدەست خۆیەتی‌و لەناو هیچ رێکخراوێك دا نی‌یە، بەڵام ترسی زۆری ئەو دەسەڵاتە لەبیرو باوەری کوردایەتی بوو، کەچی چەپ رەوەکان بەهەڵە وایان دەردەبری کە ترس تەنیا لە «سوسیالیزم» ە و

توفیق وەهبی لەگەڵ کۆمەڵێك لە رۆشنبیرانی کورد لە یانەی سەرکەوتنی کوردان لە بەغدا لە ساڵی ١٩٥٦

«کوردایەتی» لەناو خۆیدا تواندوتەوە . ئیتر دەسەڵات بۆ بەربەرەکانی‌ی گیانی کوردایەتی خوێندەواری کوردی بەناوی هەڵگری «ئیدیۆلۆجی سوسیالیزمی» تاوانبار دەکرد. من لە رۆژنامەی [هەولێر = أربیل» لەسەر ئەدەبی کوردی‌و خوێندەواری‌ی کوردم دەنووسی، ئەمە بووە هۆی توورەیی هەندێ لە هەتیوەکانی دەسەڵاتی عوسمانی رزیوو چەند بێگانەیێکی دوور لە کۆمەڵی هەولێر. وا بوو وەزیفە بچوکەکەی کارگێری‌ی زانیاریم گوێزرایەوە شاری کووت لە خوارووی عیراق. بێ گومان ئەگەر مانم بگرتایەو بەرەو کووت نەچوومایە، لەوەزیفەی میری دوور دەخرامەوەو هەر کووتیش دەبوو بە مەڵبەندی تازەی ئاوارەییم بەفەرمانی دەسەڵات .

ساڵێکی تەواو لە کووت ژیانم بردەسەر، بەڵام هەستم بە ئاوارەیی نەدەکرد. رەفیق حیلمی کارگێری زانیاری بوو لە شاری عەمارە، پەیتا پەیتا تەلەفۆنی بۆ کاربەدەستانی کووت دەکرد کە ئاگایان لێم بێ لەنامە جوانەکانی جەمیل رۆژبەیانی بێ بەش نەبووم، ئابوونەی «ژین»م هەبوو گۆران بۆی رەوانە دەکردم، نووری سدیق شاوێس و ناهیدە شێخ سەلام لەوێ بوون و یەکتریمان دەدی، پارەم بە پۆستە بۆ کرینی کتێبی کوردی دەنارده بەغدا، بەم جۆرە مێژووی ئەدەبی کوردیم چنگ کەوت، لە پاشانا کە عەلائەدین سەجادیم ناسی ووتی : ئەوە یەك بەپۆستە پارەم بۆ بێ‌و داوای کتێبم لێ بکرێ .

نامەکانی جەمیل رۆژبەیانی کە بۆ کووت بۆی رەوانە دەکردم زیاتر ئەومیان بۆ روون دەکردمەوە کە توفیق وەهبی چەند جارێك لەمنی پرسیوە، لەرێ‌ی ئەو ووتارانەی بە کوردی‌و عەرەبی لە رۆژنامەی «هەولێر» بڵاوم دەکردنەوە منی ناسیوەو نووسینەکانمی بە دڵ بووە، لەبەر ئەوە بە کوڵ ئارەزوو دەکا چاوی پێم بکەوێ .

بەم جۆرە بەغدا تەنیا لەبەر خوێندنی زانستگا نەبوو بە پەرستگا بۆ من، بەڵکو رۆژنامەگەری‌و چاپەمەنی‌و توفیق وەهبی‌و گەلێ شتی تریش، ئەمانە هەموویان لە بەغدا نەبووایە لەجێ‌ی‌تر چنگ نەدەکەوتن .

ئەگەر رەفیق حیلمی هەوڵ و تەقەلای نەدابایە، وەزیفەی میری‌یەکەم لە کووتەوە نەدەگوێزرایەوە بۆ بەغدا، بەڵام وەرگرتنم لە کۆلیجی ئەدەبیاتی بەغدا بە کۆششی خۆم بوو.

کۆمەڵی کۆلیجی ئەدەبیات گیتی‌یێکی تازەی بۆژیانی بەغدام دروست کرد، ناسینی بەدر شاکیر سەییاب و حوسێن مەردان و عەبدولقادر رەشید ئەلناسری‌و جەواهیری‌و عەبدولرەزاق عەبدولواحید و عەبدولوەهاب بەیاتی‌و هی‌تر ئاسۆی بیریان فراوان کردم . ئەنجامی مەشقی رۆژنامەگەری لەسەر لاپەرەکانی رۆژنامەی «هەولێر» لەلاپەرەی رۆژنامە عەرەبی‌یەکانی بەغدا خۆی نوواند، لەنزیکەوە شارەزایی پەیداکردن لەچاپ و چاپخانە، بەتایبەتی چاپی ئەو کتێبانەی لەلایەن منەوە سەرپەرشتی‌ی چاپیان کرابوو لەماوەی چووار ساڵ خوێندن لە کۆلیجی ئەدەبیات، ئەمە هەمووی قۆناغی گواستنەوە بوو لەژیانی من دا .

بینینی توفیق وەهبی

بەڵام لەهەمووی گرنگتر ناسینی توفیق وەهبی بوو. ئەوەی راستی بێ مووچرکێکی یەکجار نەرم و سووك بە دەروونم دا هات کە بریاری دووایم دا ئارەزووی توفیق وەهبی بینمەدی، بەوەی بچم خۆمی پێ‌بناسێنم و ببم بە قوتابی ئاشنای ماوەی ژیانی کۆلیجی ئەدەبیاتی بەغدام و لە پاشانا بە هاورێ‌ی هەمیشەیی، ئنجا مام و برازا وەکو خۆی دەیووت. مووچرکەکە لەبەر ئەوە بوو، چونکە توفیق وەهبی بە کۆنەپەرست (رجعی) لەلایەن هەندێ کەسەوە ناسرابوو، وەکو کەسێکی سەر بە ئینگلیز لە قەڵەم درابوو، بەڵام زوو بە زوو ئەم گرێ‌یەش لە دەروونم دا کرایەوەو خۆم بە پیاو چاك و راستی‌پەرست هاتە بەر چاو، لەدووایی‌دا بۆم دەرکەوت کە کارێکی باشم کردووە، مێژووش ئەمەی روون و ئاشکرا کردەوە، ئەوانەی توفیق وەهبی‌یان بەکۆنەپەرست لە قەڵەم دەدابا درەنگتریش بێ ئەوەی من لە سەرەتای پەنجاکانا کردم ئەوان لەپاش ماوەیێکی زۆر کردیان، ئەمە جێگەی بەختیاری‌ی گیانی بوو بۆ من .



△ بەشێك لە دەستنووسە هەرە بە نرخەكانی
تۆفیق وەهبی لە نامەخانەی ماڵی وەزیریەی بەغدا

جەمیل ڕۆژبەیانی‌ی مامۆستاو هاوڕێو دۆستی دێرینی بنەماڵە لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٣ لە بەغدا بوو، بێگومان بەڵێنـی بەتـۆفـیـق وەهبی دابـووو پێی ووت بوو کە من گوێـزراومەتەوە بەغداو لە کۆلیجی ئەدەبیات وەرگیراووم و بە زووترین کات بە یەکتریمان دەناسێنی .

سەردەمی پاییـزی جوانی بەغـدا بوو، ڕۆژ تازە ئاوا بووبوو، بۆنی شەونم هەموو لایێکی گەردکی وەزیریەی هێمنی گوڵاوپـژێن کردبـوو، ڕووناکی‌ی کزی بەر دەرگای باڵەخانەو پەنجەرەکان لەگەڵ ئاوازی مۆسیقای نەرم و نیان دەستیان لە مل یەکتری کردبوو و هارمۆنیاییێکی ڕۆمانتیکی‌یانەیان دروست کردبوو. لە دەرگای ماڵە گەورە چووینە ژوورەوە. مام نەجمی بەسـاڵاچـووی پیاوی تۆفیق وەهبی‌بەگ، پۆشتەی شەرواڵ و مرادخانی، پێشوازی‌یێکی گەرمی کردین. نەجم لەگەڵ هەموو کەسێـك دا بە کوردی قسـەی دەکـرد، لەگـەڵ ئەوەی زمانی عەرەبیشی دەزانی، بەڵام عەرەبی‌یـەکـەی فۆنێتیـك ئامێزێکی کوردی بوو. دیارە ماڵەگەورە ئێمەی بە خۆیی دانابوو، لەبەر ئەوە لە دەرگـای بچـووکەوە پێشمان کەوت و ئێمەی بردە ناو ژووری یەکەمی نامەخانە. ژوورەکە لە کتێب زیاتر هیچی تێدا نەبوو. لەئەرزەوە تا نیو مەترەیێك خوارووی بن میچەکە دۆڵاب و دەلاقە بوو کتێبی لێ ڕیز کرابوو، لەسەر دولابەکانیشەوە تا بن میـچ پەیکـەری لە گەچ دروست کراوی گۆڕرانی ئادەمیـزاد دانـرابـوو لە مەیمـوون و مرۆڤی نیاندرتالەوە تا ئادەمیزادی سەردەمی ئێمە .

تۆفیق وەهبی بێشـوازی‌یێکی گەرمی کردین، سوپاسی جەمیلی ڕۆژبەیانی کرد بەوەی کە داواکەی هێنایە دی‌و منی پێ ناساند، ئیتر ڕۆژبەیانی کەوتە گاڵتەو گەپ و لەهەموو کەسیش زیـاتـر تۆفیق وەهبی هێنـابـووە بزەو پێکـەنین. هەر لەم چاو پێکەوتنی یەکەمە بوو تۆفیق وەهبی زیاتر گفتوگۆی لەگەڵ من دا دەکرد، ئەوەی بۆ ڕوون کردمەوە کە بەختیارە بەوەی کە من وەکـو مامـۆستـاییێکی خۆم هاوری‌یـەتی بکـەم، سوود لە نامـەخـانەکەی وەربگرم، نامەخانە هەمیشە کراوەیە بۆ من و دەتـووانم بیکـەم بە مەڵبەندی کۆششی قوتابیەتیم لە کۆلیجی ئەدەبیـاتی بەغـدا. باسی ڕۆژنامەی «هەولێر» و ووتارەکانیش کردم، ووتی هەر لەبەر ئەوەیە حەز دەکەم یارمەتیت بدەم، بەڵکو خوێندنی بەرزیش لە دوواڕۆژدا لە هەندەران دا تەواو بکەی.

بەڕاستی توفیق وەهبی‌و نامـەخـانـەو ئەم پێشوازی‌یە گەرمـە بەختیـاریـان کردم، ئەو ڕۆژە وام هەست دەکـرد کە گەنجینـەیێکم دۆزیوەتەوە. ئیتر کارو کۆشش کردن لەناو ئەم نامەخانە نایاب و بێهاوتایەدا بەشێکی زۆری لە وەخت و کاتم وەرگـرت بوو. هەنـدێ جار ئەو سەرچـاوانـەی لەوێ دەست نەکـەوتنـایـە لەنامەخانەی کۆلیجی ئەدەبیات وەرم دەگرتن و کۆششەکەم دەکەوتە نامەخانەی تۆفیق وەهبی. کارکردن لەبەر دەست زاناییێکی وا مەشقێکی گرنگ بوو بۆ من. ئەگەر ووتارێك یا هەر نووسینێکی تری بوایـە بۆم پاکنووس دەکرد، ئیتر من خەریکی کاری خۆم دەبووم و ئەویش خەریکی نووسینی خۆی دەبوو. جاری وا دەبوو بۆ ماوەیێکی زۆر لە نامەخانەکەدا هەر قسـەشمـان لەگـەڵ یەکتـری نەدەکـرد، هەندێ جاریش من

زانای ڕەسەن

تۆفیق وەهبی گێتی‌یێکی گەورەو تایبەتی بوو، لە ئەدگارە ...ەرە گرنگـەکـانی دەستووری بیرکدنەوەو لێکۆڵینەوەی زانای ...ەن ئەوە بوو کە باوەڕێکی تەواوی بە تیۆری‌ی «گومان = ...»ی دیکارت هەبوو، لای وابوو «موتلەق» دەست ناکەوێ یا

به دهگمــهن دهست دهکــهوێ، لهبــهر ئهوه لهههموو بیرو راو نووسینێـــک دا دوو دڵ بوو، جاری وا ههبـوو بیرو راییکی له فورمـــهییـک دا چاپیش دهکرا بهلام ههڵی دهوهشاندهوهو ئهو فۆرمهیهی لادهداو دووباره چاپی دهکردهوه. بۆ بهڵگه له ساڵی ١٩٥٧ که کتێبی «إبعاد معنى اليحمور عن اسم الملك بهرام گور» لهژێر چاودێریی من له بهغدا چاپ دهکرا، ههمووی تهواو بوو، بهلام دروون و برین و کردنی به کتێب لهسهر داوای تۆفیق وههبی راگیرا، بۆ ئهوهی دووبــاره بهسـهر زانیارییهکان دا بچێتــهوه، لهو خوێندنهوهیهدا ههندێ شتی تازهی دۆزییهوه کهوتبووه فۆرمهی دوایی، ناچار ئهو فۆرمهیهی لابردو دووباره چاپ کرایهوه.

بهم جۆره زانــین و زانــیاریی ئهم زانـا گهورهیــه لهبـزووتنــهوه و گۆڕان دا بوو، ههرگیز وهستانی بۆ نهبوو، له جێگهی خۆشیدا مارشی نهدهکرد. ئهم خووو رهووشته کردبووی به زانـای راستــهقینــهو کردهوه زانستییــهکانی نمـوونــهی لێکـدانــهوهی قووڵ و شێـوازی زانستیــانــهو مێتـۆدی ئهکـادیمیـانهیان وهرگرت بوو، لهبهر ئهوه شێوهی جیهانییان دهنوواندو دوور بوون له چووارچێوهی ئیدیۆلۆجیی چینایهتیو بیرو باوهڕی نهتـهوایهتی و هونهری ههڵسوکهوتی دیبلوماسیو پڕۆپاگهندهییهك ئاخوری .

گهلێ جار بۆ پێکهنینی ههندێ زمانیشی خواردهکردهوهو پێی دهووتم : ئێوهی ههولێری بۆ ئهم «ئهکهم»ه ناسکه ئهکهن به «دهکهم»ی گوێ تۆقێنهر! منیش دهمووت: مامۆستای بهگم من قهت نهمــووتووه «دهکهم». لهوهراما دهیووت: من مهبهسم تۆنییه به گشتی ناوچهی سۆرانه. کهچی لهپاش ماوهیێك بیرو رای گۆڕیو هاتــه سهر ئهو رایــهی که له زمانی یهکگرتووی نووسینیدا ههرگیز دهبێ بنووسین «دهکهم» نهوهکو «ئهکهم» .

ئهم «گومان» و «دودڵی»یه بووبووه هۆی ئهوهی ههمیشه بهرهــهمی بلاونهکراوهی زۆر زیاتر بێ له بهرههمی بلاوکراوه، ئهرشیفی دهستنووسی کارهکانی خۆی گهلێ گهورهتره له کتێب و ووتــارو باسی چاپ کراو له نامــهخــانه تایبهتییهکهیدا. ههر ئهمهش بووه هۆی ئهوهی کاری زانستیی گهورهی بۆ نهکرێ (مهبهس لهگهوره قهوارهیه) له دهستووری زمانی کوردی زیاتر.

بۆیه زۆربهی بهرههمی بریتییه له باس و لێکۆڵینهوه له پرسێك، بهلام یهکجار به قووڵی بۆی دهچووو زانستییانه ساغی دهکردهوه، ئیتر ئهم بهرههمانه بوون به سهرچاوهی بنچینهیی بۆ ههموو کارێکی گهورهیتر، وهکو نووسینهوهی مێژووی ئهدهبی کوردی، یا مێژووی نهتهوهی کورد یا مێژووی زمان و کولتووری کوردی.

مێرخاس و دیموکراتی

تۆفیق وههبی ئهگهرچی ژیانی ماڵهوهی ئوروستوکراتیانه بوو، بهلام خووو رهووشـتی گهلێ ساکـارو میللیـیـانـــه بوو. چاوتـێربـوو، زیـاتر له سووارچاکهکانی چینهکانی سهرهوهی کۆمــهڵی ئهورووپـای سهدهکانی ناوهراستی دهکرد، بۆیه لهبهر دهرگای ماڵهکهیدا پێشوازیی ههموو میوانێکی دهکرد، بهلام بۆ بهرێکـردن و خوداحـافیـزی ههموو میوانێکی تا دهرگای دهرهوهی باغی ماڵهکـهی بهرێی دهکـرد. ئهم رهووشته وای لێکـردبـوو کهتێکـهڵاوی لهگـهڵ خهڵکیدا بکا، ئهگهرچی به ساڵاچووبووو ههر وهها ههندێ لهنگیش بووو نهیدهتوانی زۆر بروا یا لهسهر پێ بوهستێ، بهلام پیاسهی کۆڵانهکانی گهرهکی وهزیریهی دهکرد، ههندێ جار پیاسهی ناو بازاریشی دهکرد .

جارێکیـان ئێـواره بوو دهیـویست پێکهوه پیاسهییکی شهقـامی رهشید بکهین، سزای کوره گهورهی که لهو کاتهدا قوتابیی کۆلیجی پزیشکی بوو، خۆی ئۆتۆمۆبیلی لێدهخوری، سوواری کردین تا گۆرهپانی مهیدان لهوێ تۆفیق وههبیو من هاتینه خووارهوه، ئیتر بهسزای ووت که لهپاش دوو سهعاتیتر له پێش دهرگای مزگهوتی سهید سوڵتان عهلی چاوهڕووانیمان بکا .

له مهیدانهوه به پێ کهوتینه رێ، گهلێ کهس له رێبواران دهستی رێـزیان دهخسته سهر سنگیان و سلاویان لهم کهڵه پیــاوه دانــایـــه دهکــرد. به درێــژایــی رێگــه یادداشت و بیرهورییــهکانی بهغداو شهقامی رهشیدی بۆ دهگێڕامهوه، تا گهیشتینه بهرامبهر مزگهوتی حهیدهرخانه، وهستا بهشیر موشیر به پێوه وهستابوو، مهتره ئاسنهکهی به دهستهوه بوو، سهری له



TELEPHONE: 01-748 8330

7 FERRY ROAD.
BARNES.
LONDON, S.W.13.

١٩٧٢/١/٢١

خۆشەویستەکەم د. معروف خەزنەدار،

سپاستان دەکەم بۆ کاغەزەکەتان کە بە تاریخی ١/١/١٩٧١ نوسرابو، وە بۆ گوڤارەکەیش. داخم ناچێ کە نەم توانی زووتر جوابی بنووسمەوە، چونکە ئەوەی داواتان کردبو، هەر ئێستا کەوتە دەستم. ئەوا ناردم بۆتان. هیوام وایە کە شاگردی تریشمان هەبێ کە لەم شوێنە بڕۆن. ئیحتیاجمان زۆرە بەم جۆرە پێگەیشتوانە. ئیتر ئاواتەخوازی سەرکەوتنی ئێوە و ئەدیبە دڵسۆزەکانی ترم لە خزمەتی پێشکەوتنی زمانە ئەدەبیەکەی پەنجاوسێ ساڵیمانا، تا دەستی ئەهریمەن کە لە فەعالیەتدایە نەی شێوێنێ.

مامتان

وێنەی نامەیێك لە نامە تایبەتییەکانی تۆفیق وەهبی بۆ نووسەری ئەم ووتارە

دوکانـەکـەیـەوە دەرهێنـابووو بە تەمابوو لەگەڵ مێرمندالێك قسەبکا، کە چاوی بە تۆفیق وەهبی کەوت مەترمکەی دەستی فرێدایـە ژوورەوەو دەست بەجێ رێـزو حورمەتی پێشکێش کردو لەدوکان هاتە دەرەوەو دوو خانەنشینی کوردیش دانیشت بوون، ئەوانیش هەڵسانە سەر پێ و بەتەمابوون بێنە دەرەوەی دوکانەکە بۆ ئەوەی رێگە بۆ توفیق بەگ خۆش بکەن بەڵکو بچێتە ناو دوکـان و تاوێك لەگەڵیان دا بکەوێتە گفتوگۆو دەمەتەقێ. بەڵام دیـاربـوو تۆفیق وەهبی دەیویست تەنیا چاك و چۆنیان لەگەڵ دا بکاو زیاتریش خەریکی وەستا بەشیربوو تۆفیق وەهبی لای وابوو پیشەی بەرگ درووییەتییەکە قازانجی زیاتر بوو بۆ بەشـیرمـوشیر لەعەتاریو ووردەفرۆشی. وەستا بەشیر لەمەدا لەگـەڵ وەهبی بەگابوو، بەڵام لەکاتێك دا وەستا بەشیر سوور هەنگـەرا کە تۆفیق وەهبی لێیپرسی لەسـەردەمی لاویەتیدا خوێندنی قوتابخانەی قەلاچوکردنی نەخوێندەواریی شەوانی گەیـانـدە کامـە پۆل! بەشیر بلمە بلمێکی لێوەهات، پێم وایە ئێستاو ئەوساش نەخۆی و نە تۆفیق وەهبیو نەکەسیتریش لە وەرامـەکـەی نەگـەیشتن ئایـا لە کامـە پۆل دا وازی لە خوێندنەکەی هێنا!

لەپاش ئەمە هەر وا بە پیاسە شۆربووینەوە تا گەیشتینە ئۆروزدی باك، دیاربوو هەموو فرۆشیارەکانی ئەم کۆگا گەورەیە تۆفیق بەگیـان دەنـاسی، گفتـوگـۆیان لەگەڵ دا دەکرد، شتی تازەیان پێپیشان دەدا، بەتایبەتی لەبەشی فرۆشتنی کۆلۆنیاو گولاودا. کە گەیشتینـە بەر دەزگـای مزگەوتی سەید سولتان عەلی، سزا لە خزمت باوکیدا وەستابوو. پاش ئەوەی گەرانێکی ناوشاری بەغدای کۆنی پێکردین رووی‌کردە ماڵەوەی گەرەکی وەزیریە.

ئەدمۆندسی هاوڕێی

یەکێ لەو زاناو کورد ناسانەی کە تۆفیق وەهبی بە چاوی شانازییەوە تەماشای دەکردن کورد ناسی ناودار سی. جەی. ئەدمۆندس بوو. ئەمە موستەشاری وەزارەتی ناوەوەی عیراق بوو

لەنێوان ساڵانی (١٩٣٥ ـ ١٩٤٥)، لەپاش خانەنشینیبوونی لە لەنــدەن دادەنیشت، خەریکی لێکـۆڵینــەوەی زانستی بوو لەبابەت کوردەوە، مامۆستای کوردناسیش بوو لەقوتابخانەی رۆژهــەلاتنــاسی و لێکـۆڵینەوە لە ئەفەریقا (سەر بەزانستگای لەندەن) پێوەندی لەنێوان ئەم دوو زانایەدا لە کۆنەوە هەبوو، لەهەموو مەسەلەو بیرو راییەکی زانستیو زانیاری پرسیان بە یەکتری دەکرد. بە تایبەتی ئەدمۆندس کە کتێبی «کورد و تورك و عەرەب»ە نایابەکەی بە زمانی ئینگلیزی لە لەندەن لەژێر چاپ دابــوو هەندێ لە فۆرمەکانی کە هێشتا پرۆڤە بوون بۆ تۆفیق وەهبی ناردبووە بەغدا بۆ ئەوەی بژاریان بکاو هەڵەکانیان راست بکاتەوەو بیرو باوەری خۆی بەرامبەریان دەربرێ. ئەدمۆندس هەمیشە ناوی تۆفیق وەهبی وەکو هاورێییەکی ئازیزو زانایەکی کورد دەبرد. لەو ماوەیەدا من تازە کتێبی «أغانی کردستان»م چاپ کردبــوو، پارچــە پەخشــانێکی کوردی تۆفیق وەهبیشم گۆریبــووە سەر زمــانی عەرەبیو لەکتێبــەکــەم دا بڵاووم کردبووەوە، ئەو پەخشانە ماتەمنامەیێك بوو بۆ کۆچی دوایی مێـژوو نووسی کورد ئەمــین زەکی نووسیبوویەوە، ئیتر تۆفیق وەهبی پێشنیــاری بۆ کردم کە دانــەیێـك لەکتێبەکەم بەناوی دیاری پێشکێش بە ئەدمۆندسی بکەم. ئەوی راستی بێ من لەم مەســەلەیە دوو دڵ بووم، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەدمۆندس م نە دەنــاسی تامردیش هەر چاوم پێی نەکەوت، ئەگینا ئەدمونس یەکێکە لەو رۆژهەلاتناسانەی کە دڵسۆزییان بۆ نەتەوەی کورد لە پلەیێکی بەرزدا بووە، وا بوو تۆفیق وەهبی ووتی تۆ دانەیێکی پێشکێش بکــە من لەگەڵ فۆرمەکانی کتێبەکەی خۆی «کوردو تورك و عەرەب» بۆی رەوانــە دەکەم. ئەوەی ئاشکرایە تۆفیق وەهبی زیــاتریش ئەم پێشنیارەی بۆ ئەوە بوو کە ئەدمۆندس چاوی بە پەخشــانــە کوردییــەکــەی خۆی بکەوێ کە من لە «أغانی کردستان»دا کردبووم بە عەرەبی. ئێستاو ئەوساش من شانــازی بەو دوو ووشــەیــە دەکەم کە بۆ ئەدمۆندسم نووسی لەسەر دانەیێك لە کتێبەکەم، ئەگەر لەو سەردەمەدا ئەدمۆندس وەکو کوردناسێك لە پلەیێکی دیاریکراو بوو بێ لەناو دڵی من دا، ئێستا لە پلەیێکی بەرزتردایەو لەریزی هارتمان و بیتنەرو هەدەنگ و لوکۆك و سۆن و لیسکۆو مینۆرسکیو نیکیتین و ژاباو ئابۆڤیان و خالفین و لازاریف و هیتر دەوەستێ، نەك ئەوانەی گێرەشێــوێنی لەرینیســانسی رۆشنبــیری کوردی دەکەن وەکو مەکەنزیو تابوولۆف و ئاکووبیان و کیراکۆسیان هیتر.

ئێمــە تێکــرا کە ریز لەم زاناو خوێندەوارانەی گێتیی رۆژهــەلاتنــاسی ئەورووپــا دەنــێــین لەبــەر ئەوەیــە کە بە گشتیراستیان لەسەر ئێمە نووسیوە، بەراستی لەسەر ئێمەیان کردوێتــەوە، بەمێشکی خۆیــان بیریــان لەئێمــە کردوێتــەوە نەك بەمێشکی ئێمــە، ئەگینــا وەنــەبێ هەموویان بە تەواویو بێ کەمــوکــووری هەرچی نووسیــویانەبەلای ئێمەوە راست بێ. ئەوانــەی خراپــەشیان لەگەڵ ئێمەدا کردووە، دەبێ لەوانیتر جیابکرێنەوە، جا ئەمانە سەر بەو لابن ، یا بەم لا بن گرنگ نییە

دەبێ ئەوەش بۆراستی بخەمە رووکە من لە ناوەراستی پەنجاکانەوە بەئاواتەوەبووم لەنزیکەوە ئەو سێ زانایە بناسم کە تۆفیق وەهبی زۆر رێزو حورمەتیانی دەگرت و ناویان هەمیشە لەسەر زاری بوو: پوور داوود، مینۆرسکی، ئەدمۆندس، ئاواتی بینینی پوور داوودو مینــۆرسکی لەدووایی‌دا هاتە دی، بەلام ئاواتی بینینی ئەدمۆندس بە ئەنجام نەگەیشت .

هاورێیــەتیو دۆستــایــەتیی نێــوان تۆفیق وەهبیو ئەدمۆندس لە بیست و پێنج ساڵەی دووایی ژیانی کە لەندەنی کردە نیشتەجێی خۆی گەیشتە پۆپەو بەری ئەم دۆستایەتییە لەنێــوان ئەم دوو زانــایەدا گەلێ کاری زانستیبوو بۆ کورد، لەســەرووی هەمــووشیــانــەوە فەرهــەنگــە نایاب و بێ وێنەو رەنگینــەکــەی ئینگلیــزی ـ کوردی بوو کە لە شەستەکان دا (١٩٦٦) لە لەندەن بڵاویان کردەوە .

دوور لە سیاسەت بۆ خوێندەواری

هەر چەنــدە تۆفیق وەهبی گەیشتــە پلەی وەزیــریو تا شۆرشی ١٤ی ئەمووزیش ئەندامی ئەنجوومەنی سینات (عەین = شێخ) بوو لە پەرلەمانی عیراقیو لەماوەیێکیش دا دەستی خستبووە ناو دەستی ئەوانەی (پارتی نەتەوەیی سوسیالیستی = حزب الامــة الاشتــراکی)یــان دامــەزرانــدو کردیــانــە

نوینەری‌خۆیان لە کوردستانی عیراق دا بەڵام تۆفیق وەهبی پیاوی سیاسەت نەبووو بۆ ئەم کارە دەستی نەدەدا، لەپێشانا پیاوی ستراتیجی سوپایی‌بوو، ئنجا بوو بە پیاوی زانستی کە بەشوێن راستی‌دا دەگەرا، بەڵام شانازی بە کۆمەڵی‌پێشکەوتووی ئینگلیز دەکرد، بیرو باوەری لیبیرالی هەبوو، ئەمەی لەپەرلەمانی ئینگلیزی بەدی دەکردو ئارەزووی ئەوەی هەبوو کە لە کۆمەڵێکی وادا بژی، بۆیە هەرەوەزی‌و هاوکاری لەگەڵ دامودەزگا زانستی‌و رۆشنبیری‌یەکانی بەریتانیا دەکردو هەوڵی دەدا لەپاڵ ئەو دامودەزگایانە خزمەتی زمان و ئەدەب و رۆشنبیری کوردی بکا. جا بەم هۆیەوە دەبینین مەبەسی‌کاتی ئەو دامو دەزگایانە چی بووبێ جێی باسی نی‌یە، ئەوەی قازانجە ئەوەیە کە کردەوەکە بووەتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵ. بۆ بەڵگە بزووتنەوەی رۆژهەڵاتناسی بۆ ئامانجێکی ئەمپریالیزمی‌و داگیرکردن کەوتە ناوەوە کەچی کردەوەکەی بوو بە سەرچاوەییەکی یەکجار گرنگ و لەبن نەهاتوو بۆ پێشکەوتنی ئەو ئادەمیزادانەی کە ئەمپریالیستەکان باپیرە گەورەکانیان دەچەوساندنەوە.

ئێسگەی رۆژهەڵاتی نزیك

تۆفیق وەهبی دەستێکی باڵای هەبوو لە دەسنیشان کردنی کادیری کوردی بۆ «ئێسگەی بێ‌تەلی رۆژهەڵاتی نزیك» لەیافای فەلەستین لە رۆژگارانی جەنگی گێتی‌ی دووەم . ئەم ئێسگەیە زمان و ئۆرگانی سوێند خۆران بوو لەدژی ئەڵەمانیای نازی‌و ئیتالیای فاشی، بەڵام لەژێر چاودێری‌و رێبەری‌ی بەریتانیادا بوو. جگە لە بەرنامە سیاسی‌و دیبلۆماسی‌و ستراتیجی‌یە جەنگی‌یەکانی ئەم ئێسگەیە بایەخێکی تایبەتی بە مێژووو شیعرو ئەدەبیات و رۆژهەڵاتناسی‌و کوردناسی‌و زمانی کوردی دەدا، دەسنیشانی تۆفیق وەهبی‌و هەڵبژاردنی شاعیرێکی وەکو عەبدوڵلا گۆران و نووسەرو هونەروەرێکی وەکو رەفیق چالاك لە جێی خۆی‌دا بوو. گەلێ جار تۆفیق وەهبی باسی لەبەهرەو توانایی گۆران و چالاك دەکردو شانازی‌ی بەوەوە دەکرد کە لەم هەڵبژاردنەی‌دا سەرکەوتوو بووە. گۆرانیش هەمیشە خۆی بە قەرزاری پیاوەتی تۆفیق وەهبی دەزانی، ئەمەو بەشێك لەبەرهەمە جوان و رەنگینەکانی لەشیعری لیریکی کوردی زادەی ژیانی سەردەمی «ئێسگەی بێ‌تەلی رۆژهەڵاتی نزیك» بوون لەیافا. ئەوەی ئاشکراشە لەم لایەنەوە ئەوەیە کە ئیلهامی شیعری «جوانی بێ ناو» (قژکاڵی، لیوئاڵی...) لەنازەنینێکی ئەو ناوەی وەرگرتووە، ئەو شیعرە لە دوایی‌دا بوو بەرەمز لەبەرهەمی شیعری گۆران دا.

دەنگی گێتی‌ی تازە

تۆفیق وەهبی دامەزرێنەری کۆواری «دەنگی گێتی‌ی تازە» بوو، بێ گومان بە پێشنیاری‌ی ئەوەوە ئەم چاپەمەنی‌یە کەوتە ناوەوە، ئەمە کۆوارێکی مانگانە بوو لە لایەن بەشی پێوەندی‌ی گشتی‌یەوە لە بالیۆزخانەی بەریتانی‌دا لە بەغدا دەردەهێنرا، بەڵام سەرۆکی نووسین و بەرێوەبەری هونەری‌و تەکنیکی تۆفیق وەهبی بوو. زۆر شانازی‌ی بەوەوە دەکرد کە رۆژێ لەرۆژان سەرنووسەری دەنگی گێتی‌ی تازە بووە. هەموو هەوڵ و کۆششەکانی لەبابەت زمان و مێژووو ئەدەبی کوردی‌یەوە لەسەر لاپەرەکانی ئەم کۆوارە رەنگی دابووەوە. بۆ بەڵگە هەشت بابەتی ژمارە یەکەمی (تشرینی یەکەم ١٩٤٣) لەلایەن تۆفیق وەهبی خۆیەوە نووسراوەتەوە، جگە لەوەی کە شێوازی تۆفیق وەهبی لەسەرانسەری هەموو ووتارو هەواڵەکانی‌دا دیارو ئاشکرایە .

گەلێ جار لە تۆفیق وەهبیم بیستووە دەیووت: لەبەر ئەوە حوسێن حوزنی‌ی موکریانی‌و حەسەنی شێخ حەمە مارفم دانابوو کە لەدەنگی گێتی‌ی تازەدا ئیش بکەن ، چونکە یەکەمیان خوێندەوار بوو و کوردی‌یەکەی باش بوو، لەو ماوەیەدا بێ کاریش بوو بەوەی چاپخانەکەی رواندزو هەولێری لە کار وەستێنرابوو، دووەمیان کوردی دەزانی‌و توانایی ئەوەی هەبوو پلەی زانینی بەرزتریش بکاتەوە .

گەلێ لە ووشەو زاراوەو لێکسیکۆنی کە ئێستا لە زمانی کوردی‌دا بەکاری دەهێنین بەتایبەتی ئەوەی لەمەر سیاسەت و دیبلوماسیەت و ئەدەب و هونەروەیە ئەوانەن کە تۆفیق وەهبی پێشنیاری کردوون و لاپەرەکانی دەنگی گێتی‌ی تازە بوون بە

مەیدانی مەشق و پراکتیك بۆ بلاوبوونەوەی ئەو ووشەو زاراوەو لێکسیکۆنانەی کە بوون بەهۆی گۆڕان و پێشکەوتن و دەوڵەمەند بوونی زمانی کوردی. ئەوەی لێرەدا پێویستە بووترێ ئەوەیە کە کتێبی ئاڤێستا سەرچاوەی بنچینەیی بوو بۆ دروست کردنی ئەو ووشە تازانە بۆ نووسینی کوردی پەتی .

پەیام

لە پەنجاکان دا دەزگای کاروباری ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری لە بالیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدادا کۆواری «پەیام»ی دەردەکرد، لەپێش ئەویشا کۆوارەکە لەژێر ناوی «ئاگاو ڕووداوی هەفتەیی»دا دەردەچوو. ئەم چاپەمەنی‌یە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری‌ی تۆفیق وەهبی نەبوو، بەڵام بێگومان پرسی پێدەکرا، هەر بە پێشنیاری ئەویش بەکر دلێر کرابوو بە لێپرسراوی کۆوارەکە، گەلێ جار لە نامەخانەکەی تۆفیق وەهبی‌دا چاووم پێی دەکەوت، پرسی پێدەکرد، بیروڕای وەردەگرت، ئامۆژگاری لێداوا دەکرد، هەر لە دیوەخانی نامەخانەی تۆفیق وەهبیشەوە ناسیاویم لەگەڵ بەکردلێر پەیدا کرد.

ئێوارەیێکیان دیوەخانەی نامەخانەی تۆفیق وەهبی گەلێ کەسی لێبوو، جەمیلی ڕۆژبەیانی‌و بەکردلێریش لەوێ بوون. دیاربوو بەکردلێر هەندێ پرس و سۆراغی لەسەر پارچە کاغەزێك نووسیبووەوەو یەکە یەکە لە تۆفیق وەهبی دەپرسی، هەمووشی پێوەندی بە ووشەو ڕستەو زاراوەی زمانی کوردی‌یەوە هەبوو بۆ پەیام. دیار بوو دەزگای پەیام دەیویست سیپارەی «التحدی الاکبر» کە بەزمانی عەرەبی پێشتر بلاوکرابووەوە بیکا بە کوردی‌و وەکو بلاوکراوەیێکی پەیام لەناو کوردانا بلاو بکرێتەوە . بەکر دلێر تکای لەتۆفیق وەهبی دەکرد کە ناوی سیپارەکەی بۆ بکا بە کوردی، گەلێ قسە لەم بارەیەوە کرا، دانیشتووان هەموویان قسەو گفتوگۆو پیشنیاریان کرد، بەڵام هیچ یەکێکیان بە دڵی تۆفیق وەهبی نەبوو، خۆشی شتێکی وای بۆ نە دەهات کە لێی ڕازی بێ، تا جەمیلی ڕۆژبەیانی وەکو تۆپێك بتەقێنی ووتی : «التحدی الاکبر» بە کوردی دەبێتە «گەورەترین چوونە مەیدان» تۆفیق وەهبی دەسخۆشی پێووت و سیپارەکەش لەدووایی‌دا هەر بەو ناوەوە بەزمانی کوردی دەرچوو .

ئەوی ڕاستی بێ لەو ڕۆژگارەدا کۆواری «پەیام» لەلایەن ئەوانەی خۆیان بە پێشکەتنخواز دەزانی ئێسکی قورس بوو، بەڵام من دەربەستی ئەوە نەبووم، مێشکم هی خۆم بوو، بۆیە نووسراوەکانی ناو چاپەمەنی‌یەکەم کردبوو بەدوو بەشەوە: بەشە پرۆپاگەندەکەی کە بۆ چاکەی کۆمەڵی سەرمایەداری بوو بەکارێکی خراپم دەزانی، ئێستاش هەر بە خراپی دەزانم، بەڵام بەشەکە ی تری کە بۆ پەرەسەندن و پێشخستنی ڕۆشنبیری‌ی کوردی تەرخان کرابوو بەکارێکی چاکم دەزانی، ئێستاش هەر بە چاکی دەزانم، لەبەر ئەوە هەندێ جار نووسینی بچووك و شیعرم بۆ دەنارد .

لەدووایی‌دا تەنگوچەڵەمەیێکی قووڵ بۆ بەکردلێری بەڕێوەبەری دروست بوو، بەوەی کە ڕەفیق چالاك و جەمال نەبەز بە نازناو هەندێ نووسینیان لەپەیام دا بلاوکردەوە بۆنی پێشکەوتنخوازی و دژی چاکەی ئەمەریکای، لێ دەهات ئیتر بالوێزخانەی ئەمەریکا کەوتە فریای چاپەمەنی‌یەکەی بەڵام هەرگیز نەیتووانی بزانێ نووسەری نووسینەکا کێبوون ! بۆیە چالاك و نەبەز بەر هیچ جۆرە زیانێك نەکەوتن، تۆفیق وەهبی دەورێکی بالای هەبوو بۆ داخستنی مەسەلەکە .

شەفەق

چاپ و چاپخانەو بلاوکردنەوەی چاپەمەنی‌ی کوردی بەلای تۆفیق وەهبی‌یەوە بەردی بناغەی پێشکەوتنی نەتەوەی کوردبوو، لەبەر ئەوە هەموو لاوێکی کوردی هان دەدا کە قۆڵی هەڵماڵێ بۆ ئەم کارە.

لە هاوینی ساڵی ١٩٥٧ کە کۆلیجی ئەدەبیاتی بەغدام تەواوکرد، پێشنیاری تۆفیق وەهبی ئەوە بوو کەداوا بکەم و لە کەرکووك دامەزرێم و یەك دوو ساڵ لەوێ بمێنمەوە ئنجا بۆ تەواوکردنی خوێندنی بەرز ڕوو بکەمە ئەورووپای ڕۆژئاوا یا ئەمەریکا. لەو ماوەیەدا خالە شێخ قادری بەرزنجی خەریکی وەرگرتنی ئیمتیازی کۆواری «شەفەق» ی کوردی‌و عەرەبی بوو،

دیاربوو تۆفیق وەهبیش هەوڵێکی بێووچانی بۆ دەدا بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی گۆوارەکە، وا بوو ئارەزووی مامۆستای خۆشەویستم هێنایە دی، بەمە لەگەڵ هیواو ئامانجێکی گیانیی تریشم شاد بووم، یادی دە ساڵ لەمەوبەری ئەو کاتە کە هەر لەو مەڵبەنەدا خوێندنی قوتابخانەی ئامادەییشم وەرگرت بوو. ئیتر لەگەڵ تاقمێك رۆشنبیری کوردی خوێندەواری دڵسۆز خۆشترین ماوەیێکی ژیانم بردەسەر، بەلام داخم ناچێ ماوەکە کورت بوو!

بۆ دەربرینی دڵسۆزیی تایبەتی بەرامبەر بە «شەفەق» تۆفیق وەهبی گەلێ تێبینیو سەرنجی ووردی لەبابەت ووشەی «شەفەق» ەوە دەربریوە لەو گفتوگۆیە زانستییەی کە لەگەڵ پەیامنێری شەفەق لەبەغدا جەمال خەزنەداری کردبوو، وەکو لە ژمارە دووەمی شەفەق (١٥ی شوباتی ١٩٥٨)دا دەردەکەوێ.

چاوتێر و جوامێری

تۆفیق وەهبی زۆر بە ئاسانی کتێبی دەبەخشیو بەدیاری پێشکێش بە هاوڕێو دۆست و قوتابیانی دەکرد. ئەمە دیاردەیێکی سەیربوو، لام وایە ئەوەی هەوەسی کۆکردنەوەی شتێکی هەبێ ئەو شتە بە دیاری نادا بە کەس. خۆی هەمیشە دەیووت من دیاری لە هیچ کەس وەرناگرم، تەنیا لە خزم و کەس و کارو دۆستە هەرە نزیکەکان نەبێ، ئەمانەش خۆم داوای ماست و پەنیرو هەنگوین و ترخێنەو گوێزو گەزۆو شتیتریان لێ دەکەم. دەیووت هەموو کەسێك دەزانێ من تەنیا کتێب بە دیاری وەردەگرم. بەڵێ کتێبی بە دیاری وەردەگرت، هەر لەو کاتەش دا کتێبی بە دیاری دەبەخشی، چونکە زانایێکی دانابوو، زانستی بۆ هەموو کەسێك دەویست، دانایی بۆ هەموو کەسێك بە رەوا دەبینی.

رۆژێکیان پێی ووتم پێویستە رۆژانی پێنج شەمووو هەینی داهاتوو پێکەوە تەرخان بکەین بۆ هەڵگێرو وەرگێر کردنی سەرتاپای نامەخانەکە، بەشێکی زۆر لە کتێبەکان بخەینە لاوە، چونکە دەیەوێ هەندێکیان بکا بە دیاری بۆ نامەخانەی گشتیی سلێمانی، ئەمە ماندووبوونێکی ئەوەندە خۆش بوو کە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. کتێب جیا کرایەوە، لیستەی بۆ کرا، خرایە چەند سندووقێکەوە، ئنجا ئێوارەیێکیان سندووقەکان برانە ئێسگەی شەمەندەفەری «باب المعظم» کە لە ماڵەکەیانەوە زۆر نزیك بوو بۆ کەرکووك، لەوێوە بە لۆری بۆ سلێمانی، هەواڵیشی بە نامەخانەی گشتیی سلێمانی گەیاندبوو کە سندووقەکان نەکرێنەوە تا من دەگەمە ئەوێ و لیستەی ناوی کتێبەکانیش لای من بوون.

لەپاش سێ رۆژ ئێوارەیێك هەر بە پیاسە تۆفیق وەهبی خۆیو هەر دوو کوڕیو نەجمی پیاویو عەبدولقادر حیشمەت لەگەڵم دا لە ماڵیانەوە کەوتێنە رێ بۆ ئێسگەی شەمەندەفەر بۆ بەرێ کردنی من. ئەو دیارییانەی تۆفیق وەهبی بۆ نامەخانەی گشتیی سلێمانی تا ئێستاکە پارێزراوون، بەلام دیارییەکانی بۆ مەجمەعی عیلمی کوردی کە لەوەی سلێمانی گەلێ زیاتر بوون کەس نازانێ چییان بەسەرا هات!! بەلام رەنگە قوربانە دەستنووسە نایابەکەی بنەماڵەی ئێمە کە لەکاتی خۆیدا پێشکێشی تۆفیق وەهبیم کردبوو مابێ، چونکە دەستنووسە! دەستنووسیش بەپێی یاسای دەوڵەت نادزرێ!

جگە لەمە تۆفیق وەهبی رەچاوی ئارەزووی نزیکەکانی دەکرد کە دیاریی پێشکەش دەکردن، هەر کەسەو حەز لەچی دەکاو هەوەسی چی هەیە، بۆ بەڵگە کە خوێندنی کۆلیجی ئەدەبیاتم تەواو کردو پێش خواحافیزی دووایم لە بەغداوە بۆ کەرکووك کۆمەڵێك کتێبی کوردیو عەرەبی کۆنی یەکجار نایاب و بەنرخی پێشکێش کردم، ئەمانە یادگارێکی هەمیشەیی بێ هاوتان و شانازییان پێوە دەکەم.

دەرگای دیوەخانی تۆفیق وەهبی هەر دەم کراوە بوو، خوانی نان خواردنی هەمیشە رازاوە بوو، ئەوەی ئێواران وا بۆی رێك بکەوتایە کە تا سەعات هەشت لە دیوەخانی تۆفیق وەهبی بمێنێتەوە، دەبوو نانی ئێوارە لەگەڵ ئەودا بخوا. خۆی لە خواری خوارەوە دادەنیشت، ئیتر میوان دەکشان و بەپێی زۆرییو کەمی تا دەگەیشتنە ئەوپەری خوانەکە. ساڵی یەك دوو ئاهەنگی گەورەی نان خواردنی دەکرد، ئەگەر میوانێکی ئازیزیشی بهاتایە هەرە نزیکەکانی خۆی بانگ دەکرد. جارێکیان پیاوێکی پیری بە ساڵاچووی تورك بۆ سەردان هاتبووە بەغدا،

• ئەمە لەکاتی خۆیدا لە کۆلیجی ئەرکانی ئەستەموول لە قوتابیان و هاوڕێی تۆفیق بەگ بوو، دیاربوو، هەر لای خۆشی لەماڵەوە دابەزی بوو. ئیتر ئێوارەیێکیان کۆمەڵێك هاوڕێو دۆست و قوتابیی خۆی بانگ کردن، لەمانە رەفیق حیلمیو ئەنوەر سائیب و عەبدولقادر حیشمەت و عەبدولجەبار ڕێزەلی و عەبدولرەحمان مفتی هەرە دیارترینیان بوون. پرۆتۆکۆلی میوانداریەکە ئەوەی دەخوواست کە لەبەر میوانی ئازیز دەبوو هەموویان بە تورکی قسە بکەن، چونکە هەموویان تورکی‌یان دەزانیو میوان کوردی نەدەزانی، بەڵام کەمترین قسەش بە تورکی کرا، ئەمە ئارەزووی میوانەکە بوو، سەربەستیی دابووە ئەوانی‌تر کە بە هەوەسی خۆیانە بە چی زمانێك قسە دەکەن .

مامۆستایانی زمان و ئەدەبیو عەرەبیو نووسەرانی عەرەب لەلای تۆفیق وەهبی دەبینران، لەمانە مستەفا جەواد، سەفاخەولووسی، ئەحمەد حامید سەرراف و هی‌تر. لە دیوەخانەی نامەخانەدا کۆری گفتوگۆی ئەکادیمی‌یان دەبەست. بە زۆری هەڵسوکەوتی سەفا خەولووسی ئەوە بوو وەکو کوردێك خۆی پیشان دەدا، جارجارە بە تورکیش قسەی دەکرد، ئیتر نازانم بۆچ! ڕەنگە لەو کاتەدا ئەمەی لەبەر تۆفیق وەهبی بووبێ .

بەدەگمەن ڕێك دەکەوت دیوەخانە یا دیوەخانەی نامەخانەی تۆفیق وەهبی چۆڵ بێ، میوانەکانی سێ بابەت بوون، بابەتێکیان وەزیرو نوێنەری پەرلەمان و دیبلوماسیو سوپاسی گەورە بوون؛ ئەویتریان ئەو کەسانە بوون کە دەهاتنە لایو داوایان لێ دەکرد کە یاریدەیان بدا لەدامەزراندنی وەزیفەی میری، یا گوێزانەوەی وەزیفە، یا مووچە زیادکردن، یا قوبوول کردن لە کۆلێج و قوتابخانە بەرزەکان، یا هەر هەڵسوکەوتێکی‌تری پێویستی‌ی بە یارمەتی هەبێ، زۆربەی زۆری ئەمانەش کورد بوون؛ بابەتی سێیەمیان نووسەرو خوێندەوارو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسی کورد بوون، لەبەرئەوە بوو کەسانی وەکو شاعیری ڕەندی کورد ئەورەحمان بەگی بابان (نفووس) و شاعیری بەدیمەنی کورد شێخ سەلام و ڕۆژنامەنووس محەمەد بریفکانی عەبدولرەحمان مفتی و کەریم زانستیو فەتحوڵڵا ئەسعەدو کامیل کاکەمین و سدیق قادریو هی‌تریش بەدی دەکران .

زانستی و ڕاستی

تۆفیق وەهبی وەکو زانایێکی ژیر کە هەمیشە بە شوێن ڕاستی‌دا دەگەڕا، بە چاوێکی رەخنەیی زانستیانە تەماشای هەموو بەرهەمێکی‌دەکرد، ماڤ تەواوی دەدایە بەرهەمەکە خۆی، جێگەی لە پلەی زانستی‌دا دیار دەکرد. ئەوەی من بۆم دەرکەوت لە ئەنجامی ژیانی چووار ساڵەم لەگەڵ ئەم زانایە ئەوە بوو کە ڕێزێکی یەکجار زۆری لە مینۆرسکیو ئەدمۆندس و پووردوود دەنا. ئەگەر ووردە مەسەلەیێکی زانستی‌یەکێ لەم سێ زانایە بکەوتایە ژێر دەستی تۆفیق وەهبی گومانی لێ نەدەکردو بە باوەڕێکی بتەوەوە زانیاری‌یەکانی وەردەگرت، هۆی ئەمە بەلای ئەوەوە ئەوە بوو کە هەوەس و ئارەزوو وای لەم زانایانە کردووە کە خەریکی زانستی‌بن ، لەبەر ئەوە بە گیانێکی سۆفیزمەوە چوونەتە ناو ئەم گێتی‌یە بێ سنوورە پڕ لە تەنگو چەڵەمەیەو هەر سێکیشیان دوایی ژیانیان لە زانستگا بردۆتە سەر. ئەم دەزگایە جێی مشتوماڵ کردنی مێشك و گەڕان بە شوێن ڕاستی‌یە، لەبەر ئەوە باوەڕێکی تەواوی بە بیرو ڕاو لێکۆڵینەوەو بۆ چوونیان هەبوو.

ئیتر وا بوو لە ساڵی ١٩٥٦، لە هاوین دا کەسەرێکی ئێرانم دا تۆفیق وەهبی نامەی بۆ پووردوود نووسیو کۆڵێك سڵاووڕێزی بۆ نارد، لەگەڵ سڵاوو ڕێزی مامۆستام ئەحمەد ناجی ئەلقەیسی هەمووم گەیاندە پووردوودو زاناکانی‌تری ئەو سەردەمەی ئێران. لەپووردوود - یشەوە کۆمەڵێك کتێب و چاپەمەنیم بە دیاری بۆ تۆفیق وەهبی هێنایەوە، جگە لە کۆمەڵێك فەرهەنگی دیالێکتەکانی ئێرانی ئەوانیشم بە پارەی خۆم کڕیو بەناوی خۆمەوە پێشکێش بە تۆفیق وەهبیم کرد .

فێرکردنی کوردی لە یانەی سەرکەوتن

هەر لەو ماوەیەدا بوو کە تۆفیق وەهبی خۆی لەیانەی سەرکەوتن نزیك کردەوە. ویستیان گیانێکی تازە بخەنە ناو لەشی

ئەم دەزگا خوێندەوارییە کوردییەی بەغدا کە لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تا ئەو سەردەمە لە هەڵبەزین و بەزین دا بووە. کۆبوونەوەی خوێندەواری و زانیارییان ڕێك خست، پرۆژەی دەرکردنی گۆواری «هیوا» یان دانا، لە هەمووشیان گرنگتر کردنەوەی دەورەی فێرکردنی زمانی کوردی بوو. تۆفیق وەهبی ئەم کارەی خستە سەر شانی خۆی. هەفتەی دوو ڕۆژ کوردی فێری ئەو کەسانە دەکرد کە ئارەزووی فێربوونی ئەم زمانەیان هەبوو زۆر سەیربوو قوتابیان لەهەموو بابەتێك بوون، ئەوەی هەموویانی لە یەك شت کۆ دەکردەوە ئەوە بوو هەموویان پیاوی بە ساڵاچوو بوون، ڕەنگە هەندێکیان تەنیا لەبەر تۆفیق وەهبی خۆیان کردبێ بە قوتابی .

قوتابیی ئەم دەورەیە پیاوی وەکو فازیل جەمالی تێدابوو کە ڕۆژێ لەڕۆژان سەرەك وەزیرانی عیراق بوو، هی وەکو گۆرانیبێژی بە ناوبانگ عەزیز عەلی تێدابوو. دەبێ بۆ ڕاستی ئەوەش بووترێ کە زیرەك ترین قوتابی عەزیز عەلی بوو، فێری قسەکردن بوو بوو، تاگەیشتە ئەوەی گۆرانیی «ئەی کوردینە! ئەی مەردینە» سروودی بەناوبانگ بەزمانی کوردی لە ئێستگەی بێتەلی ئەوسای بەغدادا بیبێژێ. لەم دەرزانەدا من یاریدەدەری تۆفیق وەهبی بووم هەندێ جار ئەگەر ماندوو بووایە من دەرزەکەم بۆ تەواو دەکرد، هەموو بەڵگەکانیشی من لەسەر تەختەی ڕەش دەمنووسییەوە، هەندێ جاریش ئەگەر ئیش و کاری بووایە نەدەهاتە یانەی سەرکەوتن و ووتنەوەی دەرزەکەی بەمن دەسپارد .

تیپ بۆ دەزگە خۆماڵییەکانی ئەلفوبێی کوردی

هەوڵ وکۆششی تۆفیق وەهبی بۆ ساغ کردنەوەی ئەلفوبێ و ڕاست نووسینی کوردی لەبن نایە. لەپاش جەنگی گێتیی یەکەمەوە هەرگیز فەرامۆشی ئەمەی نەکردووە . لەگەڵ چاپخانەکان دا خەریك بووە، تا گەیشتۆتە ئەوەی پێوەندیی لەگەڵ کۆمپانیاکانی دروست کردنی ماکینەی چاپ و دارشتنی تیپی چاپ پەیدا بکا. لە ساڵی ١٩٥٦ پێش ئەوەی گەشتی بێرووت بکا من هەر دوو بەشی «قواعد اللغة الكردية»م بۆ پاکنووس کرد، لەوێ لە چاپخانە هەموو تیپ و دەنگە تایبەتییەکانی زمانی کوردی داتابوو ڕێکی خست بووو ئامادەی کردبوو بۆ بەکارهێنان، کتێبەکەی خۆی پێ چاپ کرد. لەپێش ئەوەش دا، لەوکاتەی کەلاینۆتایپ لە بەغدا پەیدابوو و جێی تیپ چنینی گرتەوە، تۆفیق وەهبی کەوتەخۆ، بۆ ئەم مەبەسە بە یارمەتیی من و بەکردلێر داوای لە هونەروەری کورد بەدیع باباجان کرد کە تیپە تایبەتییەکانی زمانی کوردی هەر یەکەی لەسەر مقەبایێکی گەورە بنووسێتەوەو لە پاشانا میکرۆفیلم بکرێ بۆ ئەوەی خاوەن چاپخانەکانی بەغدا بینێرن بۆ ئەڵەمانیا بۆ دروست کردنی قالبی ئەو تیپانەی تایبەتین بە ئەلفوبێی زمانی کوردی، بەم جۆرە لەپاشانا چاپخانەکان کەوتنە چاپی کتێبی کوردی بە لاینۆتایپ .

دووروولاتی

لەپاییزی ساڵی ١٩٥٧ کە بەغدام بەجێهێشت بۆ کەرکوك، پێوەندیم لەگەڵ تۆفیق وەهبی لە جاران بەهێزتر بوو. لەهەموو گەشتێکی بەغدام سەرم لێدەدا، جارجارە تەلەفۆنم بۆ دەکرد، لەو ماوەیەدا جەمال خەزنەدار لەپێشان زیاتر سەری دەدا لەسەر ئارەزووی تۆفیق وەهبی خۆی، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی من بە جێم هێشتووە ئەو پری بکاتەوە. لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٨ کە بڕیاری گەشتی بەریتانیای دا پێویست بوو من بچم بۆ بەرێ کردنی، پێش ئەوەی ڕووبکەمە بەغدا تەلەفۆنم بۆ کرد، تۆفیق وەهبیی جوامێر تەلەفۆنەکەی بە بەرێکردن حسێب کردو ووتی لەپاش ماوەیێکیتر دەگەڕێمەوەو چاومان بە یەکتری دەکەوێتەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەش دا جەمال خەزنەدارو کۆمەڵێك دۆست و برادەرو قوتابیانیتری تۆفیق وەهبی ئایینی بەرێکردنیان بەجێهێناو لە ڕۆژی ١١ی تەمووزی ١٩٥٨ بە فرۆکە بەرەو ئەستەموول کەوتە ڕێو بە هیوای ئەوەی ماوەیێك لەوێ بمێنێتەوە ئنجا ڕوو بکاتە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا. بەم جۆرە ئەو ڕۆژەی تۆفیق وەهبی لە

بەغداوە رووی‌کردە ئەستەموول، من لەکەرکووکەوە بەرەو سلێمانی کەوتمە رێ. لەوێوە بۆ پرۆژەی دوکان و بەیانی‌ی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ من و کۆمەڵێك لە شاعیرو نووسەرو ئەدەب دۆست لە دوکان بووین، تۆفیق وەهبیش ئەو رۆژە هێشتا هەر لە ئەستەموول بوو.

لە لەندەن

رۆژگارو سەردەمێکی سەیر بوو، بێ‌گومان کاری چاك کرابوو، بەڵام نالەباری لەوەدابوو هەندێ لەو کەسانەی کە تۆفیق وەهبی چاکەی بۆ کردبوون کەوتبوونە هێرش بردن، بەدنەمەکی وا بیرو هۆشی پیاو دەپووکێنێتەوە. ئێمە ناڵێن دەبوو ئەو کەسانە لە سەر تۆفیق وەهبی بکەنەوە، بەڵکو دەڵێن دەبوو بێ‌دەنگ بن و بەس.

ژیانی لەندەنی تۆفیق وەهبی بە پیت بوو بۆ رۆشنبیری‌ی کوردی، ماوەیێکی زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ مینۆرسکی‌و ئەدمۆندس دا ژیا، کاری چاکی کرد. کەس نەبوو لێ‌ی نەپرسێتەوە، کەسیش نەبوو لە خوێندەواری کورد بچێ بۆ لەندەن و سەری نەدا، رۆژگار راستی‌دەردەخا، ئەگەر هەندێ جار بشارڕێتەوەش هەمیشەیی نی‌یە، تۆفیق وەهبی راست بوو رەسەن بوو، بە تواناو زانابوو، بۆیە لە دوواییدا ئەوانەی خۆشیشیان نەدەویست لێ‌یان دەپرسی‌یەوە، لەمانە سەیر نەبوو هەندێ کەس لە پەنجاکان دا گلەیی‌یان لەمن دەکرد کە بۆچ لە تۆفیق وەهبی نزیك بوومەتەوە، کەچی هەر ئەمانە لە دوواییدا داوای ناونیشان و تەلەفۆنی ماڵی وەهبی بەگیان دەکرد، لە لەندەن، هەندێکیش داوای نامەی تایبەتیشیان لێ دەکردم بۆ تۆفیق وەهبی.

پەیوەندیم لەگەڵ تۆفیق وەهبی نەپچرا تا کۆچی دوواییی، لە قوتابیەتی‌و هاورێ‌یەتی دەرچووبوو، بە تەواوی بووبوو بە مام و برازا. هەموو هیواو ئامانجم ئەوەبوو، دووسێ مانگ لە تەکیەوە بم، بە تایبەتی لە ماوەی نەخۆشی‌یە کوشندەکەی هەرە دوواییی. بێ‌گومان بەشێکی بڕیاردانی چوونم بۆ جەزائیر بۆ مەبەسی بینینی تۆفیق وەهبی بوو. بەم جۆرە لە پاییزی ساڵی ١٩٨٣ بەرەو جەزائیر کەوتمە رێ، بە ئومێدی ئەوەی هاوینی ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ تۆفیق وەهبی بیەمە سەر، نەوەکو تەنیا خۆم بەڵکو بریار وا بوو سەعدیە خەزنەدار ـ کە بە بووکێنی تۆفیق وەهبی دیبووی ـ و بنیادی نۆ ساڵیش بە بینینی ئەم فرزەندە گەورەیە شاد بین، بەڵام ئەم ئاواتە نەهاتە دی. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٤ ئەو رۆژەی لە نووسینەوەی یادداشتەکانم بوومەوە بە ناوی «رەفیق حیلمی‌و من لەدەفتەری بیرەوەری‌دا» لەسەر داوای دۆستم عەبدوڵڵا مەردۆخی دانیشتووی پاریس، ئەو رۆژە قوتابی‌ی دڵسۆزم عەبدوڵڵا حەداد لە پاریسەوەو هاورێ‌ی نووسەرم حەمە رەسووڵی هاوار لە لەندەنەوە هەواڵی کۆچی دوواییی تۆفیق وەهبی‌یان پێ‌گەیاندم. بەم رەنگە ئاواتی بینینی تۆفیق وەهبی لەگەڵ خۆی‌دا چووە گڵەوە. پیرەمەگروون دەبێ شانازی بە پیر وەهبی، یا پیرە وەهبی‌یەوە بکا.

لەندەن بەبێ تۆفیق وەهبی

لەهاوینی ساڵی ١٩٨٤ خۆم و ماڵ و منداڵ چووین بۆ مەڵبەندی زیندەگانی بیست و پێنج ساڵەی ژیانی دوواییی تۆفیق وەهبی. ماڵ و ژووری نامەخانەو ژیانی هەر ئەوە بوو کە وێنەی لە مێشکم دا کێشرابوو پێش ئەوەی چاوم پێ‌ی بکەوێ. تەماشای ئەرشیف و کاغەزو دەسنووس و کتێبم کرد، گەلێ شتم هاتەوە یاد، هەندێ لەو کتێب و نووسراوانە پێش سی ساڵ لەنامەخانەکەی ماڵی‌وەزیریەی لە بەغدا چاووم پێ‌یان کەووت بوو. سزا دەیووت: باوکم هەمیشە یادی تۆی دەکردەوە؛ سرووش دەیووت: باوکم لەکەس رازی نەبووە باسی تۆ بەخراپە بکا.

بیبلۆگرافیای کتێبەکانی لەندەنی ئامادەکرابوو، هەندێکی خرابوونە ناو سندووقەکەوە، هی‌تریش هێشتا لەناو دەلاقەکانی نامەخانەکەدا بوون. نیازوا بوو خانوێك لە لەندەن بە کرێ بگرن و ناوی بنێن «مۆزەخانەو نامەخانەی تۆفیق وەهبی» و بیکەنە دەزگایێکی لێکۆڵینەوەی کوردی. بەڵام دیار بوو ئەم پرۆژەیە سەری نەگرت.

توفیق وەهبی کێیە !

- توفیق وەهبی بەگ کوڕی مەعرووف کوڕی محەمەدە، دایکی عاسمەی کچی ڕەسووڵ مەستی ئەفەندییە. لە ساڵی ١٨٩٢ لە سلێمانی لە دایك بووەو لە ساڵی ١٩٨٤ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووەو تەرمەکەی هێنراوەتەوە نیشتمان و لەتەك پیرەمەگروون نێژراوە.
- لە حوجرە خوێندوویەتی، لەپاشانا قوتابخانەی ڕوشدیەو ئامادەیی سوپایی تەواو کردووە، ئنجا لە قوتابخانەی جەنگی بەغدا بە لیفتینانت دەرچووە.
- بۆ تەواو کردنی خوێندنی چووە بۆ قوتابخانەی ئەرکانی جەنگ لە ئەستەموول، لە جەنگەکانی بەلقان بەشداریی کردووە. لەگەڵ کۆتایی جەنگی یەکەم خوێندنی تیۆریی و پراکتیکی سوپایی تەواو کردووە.
- لە ساڵی ١٩١٩ گەڕاوەتەوە سلێمانیی و یەکێك بووە لە نزیکەکانی شێخ مەحموود.
- لە ساڵی ١٩٢١ هاوبەشی کردووە لەدروست کردنی سوپای عیراق، لە ساڵی ١٩٢٣ بووە بە ئامیری قوتابخانەی سوپای عیراق و لەپلەی سوپاییش دا گەیشتۆتە کۆلۆنێلی (عەقید). گەلێ شانازی بەم پلە سوپاییەوە دەکردو لەسەر هەندێ لە کتێبەکانیدا دەینووسی «کۆلۆنێل توفیق وەهبی»
- بۆ ماوەیێك موتەسەریفی سلێمانی بووە، بەڵام پێش هەڵسانەکەی ئەیلوولی ١٩٣٠ (شەش ڕەشی ئەیلوول) دەستی لە وەزیفە هەڵگیراوەو لە وڵات دوورخراوەتەوەو زیاتر لە لبنان ژیانی ئاوارەیی بردوتە سەر.
- لە ساڵی ١٩٣٥ گەڕاوەتەوە وڵات و بووە بە بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ڕێگەو بان، ئنجا بووە بە بەڕێوەبەری گشتیی تۆپۆگراف (مساحة).
- چەند جارێك بووە بە وەزیر، بەڵام وەزیریی زانیاری (معارف)ی لە هەموویان زیاتری پێخۆش بووە. لەپاشانا وازی لەوەزیفە هێناوەو بووە بە ئەندامی سینات (عین) لە پەرلەمانی عیراق دا.
- لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٨ چووە بۆ بەریتانیاو لە لەندەن ژیاوە تا کۆچی دوایی لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٤.
- کۆمەڵێك کتێب و ووتارو باسی زمانەوانیو مێژووییو ئەرکیۆلۆجیو فۆنۆلۆجیو ئەنتۆلۆجیو ئەدەبی بەزمانانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە.

توفیق وەهبی کوڕی پیرەمەگروون

لەپاش کۆچی دوایی زاناودانای گەورەمان هەندێ نووسین لە بابەتیەوە بڵاوکرایەوە، لەناوەوەی وڵات و لەدەرەوەی، دیارترینیان ئەو لێکۆڵینەوە زانستییەیە کە هاوڕێم کەمال ڕەئووف محەمەد بەناوی «توفیق وەهبی کوڕی پیرەمەگروون» بڵاوی کردۆتەوە. بنوارە (گۆواری «کاروان» ژ ١٨، ئازاری ساڵی ١٩٨٤، ل ٢ ـ ١٦).

ئەنجام

توفیق وەهبی زاناو دانا بوو، مامۆستایێکی چاك بوو، ڕێزی لە زانای ڕەسەن دەنا، قوتابیی زیرەکی خۆش دەویست، سوپایێکی گەورەبوو، بەڵام نەیدەویست دیمەنی خوێن ببینێ، دڵسۆزیی بەرامبەر دۆست و هاوڕێیانی بێسنوور بوو، چاوتێربوو، هەڵسوکەوتی پیاوانەبوو، لەپێوەندیی کۆمەڵایەتیدا دیموکراتیانەبوو. لەگۆڕران و جووڵانەوەدا بوو، باوەڕی بەوەستان نەبوو. ڕقی لەکەس نەبوو. سۆزی بەرامبەر ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپا بەنەتەوایەتیو ڕژێمی وولاتەکانیانەوە نەدەبەستەوە. چەندە ئەدمۆندسی ئینگلیزی خۆش دەویست ئەوەندە گلەیی لە قوتابیەکەی دەکرد کە مەکەنزییە.

توفیق وەهبی بە کوردی ژیاو بە کوردی مرد، پیرەمەگروون بە لای ئەوەوە دروشمی «ناهید» و «میترا» بوو، لەبەر ئەوە بوو ئەوەندەی من ناسیومەو دیومە، ناوی پیرەمەگروون لەسەر دەمی نەکەوتووە، بۆیە بوو بەیارو یاوەری هەمیشەیی پیرەمەگروون.

○